www.kurdistannet.org
14-10-2006 8:06بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# جوت باش كامەران جەباری و پشتیوانەكەی ... عبداللە عبدالكریم

مانگێ زیاتر بەسەر نوسینەكەی تۆو رونكردنەوەو داواكەی بەندە تێدەپەرێ. تاكو رەش‌و سپی لێك جیاكرێنەوە. داوام دوو بارە دەكەمەوە خۆت بناسێنێ. دڵنیا هەر دەتبینمەوە.. وەك ووتراوە. جاشە كەر بەهەڵتیزانن لە گاوان رزگاری نابێت... ئەمرۆ بەبۆنەی نەبونی سانسۆرو نەنوسینی ناوی نوسەرو بەكار هێنانی تكنەلۆزیا بەشێوەیەكی ناشەرعی تاوان دانە پاڵ هەر تاكێ سانایە تابە بیری تۆڵە یابۆ بەرژەوەندی تاك كاركەین‌و واژ تێگەین لەئازادی. لەدێر زەمانەوە ووتراوە... دوژمنتیش پیاو بێت...
بەداخەوە تۆ تۆزقاڵێكت تیا نیە. بەمەش مەبەست ناپێكی‌و ئێمەش دەست لەكوردایەتی هەڵناگرین. زیاتر لە چل ساڵە رەنجبەری كوردم بەنان‌و جل‌و بەرگی خۆم، ئەو تەمەنەی ماوشمە هەر بەخشیمە بە كوردایەتی.
نوسینەكەت بە كاری دەسگا سیخوریەكان دەچێ، تەوقیتیان بۆت داناوەو تۆش وەك پیشە شارەزاییت هەیە لەواژ كردنەوەی راستیەكان. دەبینم زیاتر لە دوو لایەن بەشداریان تیا كردوە بەمەبەستی گەن... گەلێ زیاد رەویت كردوە...
هەی لەجاش جاشتر چون توانیت ناوی ماڵی شەهید علی عەسكەری بخەیتە سەر زارت... ووشەی تاوانبارت بەكار هێناوە، تۆ بەجاشێتی نەوەستایتەوە تاكو پلەت بەرزكرایەوە بۆ ئەندام فەرعی بەعس تاكوشتنی عودەی مایتەوەو بریاری بەرەی كوردستانیتیش شكاند. لەو كاتەداسەگی دەرگای ماڵەكانی ئێمە بێزیان نەهات ببن بەبەعسی. كێ تاوانبارە. ؟ ووشەی رورەش بەكار هێناوە.. كەی روی رەشی خۆتت سپیكردەوە ئەو دەم بەكاری بێنە. ئەو كەسە رو رەشە شیوو هەردەكان دە گەڕا بۆ تاڵان‌و گرتنی منداڵ‌و ژن بۆ ئافەرین. فەوجی ئێوە پێشرەو بوو. دەبێ لەتۆ رو رەش تر هەبێت. بەدرێژی تەمەنت رەنجی شانی خۆت نەخواردوە. هەر لەسەر موچەی جاشێتی‌و سیخوری ژیاوی.

سعید محمود پێشمەرگەی بنكەی پیر مۆمنی جەباری بوو، خزمانی ناوچەكە هەموو باشی دەناسن‌و زۆریان هامۆشۆیان كردوە پێشان. كەسێ لەوانە پێویستیان بە واستە نەبوو بۆ لای. سعید زۆری لەكەس نەكرد، بۆ كەسیش چەكی نەسەندو، بەهاری بۆ كەس نەهێنایە چۆك.. خەڵكەكە چاری ناچار بوو، ئەویان بەپاشتر زانی لەبەر ئاشناییان پێی. كەسێكی بێ رەزامەندی خاوەنی تەسلیم نەكردە.
باسی پارەت كردە، خۆت‌و پشتگیرتیش باش دەزانن ئەوەی لە ژیانی بەندەدا بێ بایەخ بووە تەنها پارەو كۆ كردنەوەی سامان بووە. لە هەموو عیراق بگەرێ خاوەن بستێ زەوی‌و خاوەن پارەی كفنەكەم نیم. گەرچیت دۆزیەوە بۆ تۆ. جگە لە زەوی كشتوكاڵی باوكم جێی هێڵاوە. تۆش لە جاشێتی‌و سیخوری‌و سەختەكاری بەزیاد بێت خانوی جوان‌و سامانی زۆرو ماشێنێ باش‌و نانی چەورت لە نەبونەوە هەیە. دەپرسم ئەوانەت لەكوێ بوو... ؟
گەر راست گۆی كوا بەڵگەت. كەسێ بێنە لە بەندەی بیستبێی جارێ لەجاران دانی خێرم بە رژێمێ لە رژێمە لەدوای یەكەكانی عێراقدا نابێت هەرلەبەرەی ئۆپۆسیۆن بومە. یاخو رۆژێ پۆلیسی، جاشێتی‌و سیخوریم كردبێ، یاخو كەسێ ئازاری لەدەستم بینێبێ.
دڵنیا هەموو لا دەزانن هەر كات روم لە رژێم بكردایە هەموو شتیان بۆم دەكرد. هەرنەبو خۆم‌و براكانم دەپاراست لەو هەموو ماڵ وێرانی‌و ئاوارەو دەربەدەریەی بەسە خۆم‌و ماڵ باوك‌و براكانم هات. گەر بێویژدان بوایمایە وەك تۆو خەڵكانێكی تر براكانم لەگەڵ خۆم دەبردوو بەسەری دوو شوان یاخو شێت رزگاریانم دەكرد.

ئەو ناوانەی نوسیوتەو تەسلیم بوونیان دەدەیتە پاڵ ئێمە. بێکەس نەبوونو خۆشیان شێر بوون دەستگیر کردنیان سانا نەبوو، بەڵام چار ناچار بوو، خۆیان ووتەنی پشتمان شکاوەو پێشمەرگە لەووڵات نەماوە. ئێستەش پارێزەرو ئەندازیارو دەیان لاوو پیریان هەیە دەبوو پێش نوسینی بابەتەکەت پرست پێیان بکردایە... ئەمجاریش ئەلێم خۆت بناسێنە...